# له بێدەنگیما دەنگ دەڕژێ



چنار نامق

دەمێك ئەوینم لێدەڕژێ

هەرساتەو ژانیك

هێشووە ئازاری نامۆیی

بەسەر پەرەسێلکەکانی ناخم دەبارێنێ ... و

تۆ سەدای دەنگم نابیستی

لەبیدەنگیمدا دەنگ دەڕژێ و

لەسەدایدا کپی و مەنگی

بەسەر جەستەم گوزەر مەکە

برینەکان بەدووی قەتماغە دەگەڕێن

هەر ڕۆژە و عیشقێکم دەمرێ و

خەم لە دڵمدا دەواری

خێڵەکییەتی خۆی هەڵدەدا و

منەتبارم دەکاو دەڵێت :

شاد بە ئەی دۆست

وەرە نزیکترین هاوڕێم

دڵنیابە بۆ ساتێکیش

جێت ناهێڵێم

بڕۆ ئاپارتمانەکانی عیشق و

سەوزایی دڵم جێبێڵە

زەمەنێکە چاوەڕوانی کۆچی دوایی

ئەم عیشقە لەناکاوەم... و

گوڵە گەنمی خەمەکانم خەرمانەی دا...و

لە پانتایی دەروونم دروێنە ناکرێ..و

سوتەمەڕۆی

**گشت دەم جەستەم دەسوتێنێ**

**هەزار بریا**

**وەك خۆری زستان ئاوابی**

**لە ژینمدا تیشکم ناوێ تاریکایی دەپەرستم**

**ڕۆژگارێکە تەمادارم بیرەوەریت**

**لە ئەندێشەی خەم بردوومدا بسرێتەوە**

**بێ عیشقی تۆ با بەروومدا هەڵدەکات و**

**گوڵە سوورەکانی ناخم دەشنێنەوە**

**بڕۆ چیدی با هەنسك و تاسەی عیشقت**

**بەناخمدا دانەچۆڕێ**

**هەناسەی گیانکێشانێکە**

**لە کاتی گیانەڵادا دەمهێڵێتەوە و**

**جێم دەهێڵێ**

**ئەمە سێوەکەی ئادەمە**

**نا هاوڕێ فریوم مەدە**

**خۆ نیگا سیحراوییەکانت**

**تەماداره بەناوی عیشقەوە**

**خیانەتم لە گوڵ پێبکا**